www.kurdistannet.org
11-10-2006 8:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هێشتا مام زۆراب مێوژ دەفرۆشی... ئامانج عەبدوڵا سوور

عەیامێکە مام زۆراب ئارەقی ناوچەوانی دەسری، کۆڵانەوکۆڵان پربەگەرووی هاوار ئەکات ئەوەیە مێوژ مێوژی نایاب، ئەوبەجلی کوردی وسیمای کوردەواری ومشت وجامانەکیەوە لولە بۆ مناڵان پرئەکات لەمێوژێك قەترانی بەئەندازەی زووخاوی ئەومیلەتەی لەبی باکی نابێتەوە، کەلەقۆناغی سەرەتایی بووم مام زۆراب لەگەڵ پرکردنی هەرپیاڵەیەکی دەستی بە مێوژ گفتێکی شیرینی ئەداینی لەنیشتیمان دایکیشم ئەیوت هەرئەوراست ئەکات چما ئێستا مام زۆراب هەرمێوژ ئەفرۆشی وکەسێك ئاوری خێری لی ناداتەوە ونەلەئەیلول ناوی هەیەونەبستی عارد بەناویەتی ونەدەرماڵەشی بۆسەرف ئەکەن ونەجاری لەجارەکان لەسەرەرێی کاسپیە بەهەیبەتەکەی دا سەلام و کەلامێکی گەرمی دڵنیایی لی دەدەنەوە..
ئەوی رۆژی مام زۆراب لەسیلەی کۆڵانێکدا هیلاکی خۆی بەقەتار ئەلاوەیسیەك قەربوو ئەکردەوە کەچی پیاوەسمێڵفشەکەی ئەوکۆڵانە دایە قاقای پێکەنین وگوڵ خەندەرانێکی بەوپێکەنینە وەیشومە هەڵوەران ئاخر ئەوپیاوە سمێڵ فشە تەنگەئەستورە بوو دۆی دادەی رژاند وئازادیش هەمو دنیای تی گەیاند ئەوی رۆژی کەسێك گوێا بۆ ئازاد نەگرت ئەمرۆش پیاوەکانی ناودەسەڵات بەهاوارەکانی ئازاد سوعبەت دەکەن وقافیەی مەجلیسێکی پی دەرازێننەوە ومۆدێرینرین نوکتەی لی دروست دەکەن..
دایکە مام زۆراب شەکەتی رێگەی چل ساڵ خەباتە رۆژێك لەسیلەی کۆڵانێکدا دەمی لارئەبێتەوەئەوجا شارەوانیش خۆی ناکاتە ساحێبی وبەکاری خۆی نازانی لاشەکەی بشارێتەوە، من خەممە ئەورۆژەی مام زۆراب ئەمری دنیا مەعب بێتەوە ئیدی کەس نەمێنی حیکایەتێکی گوی ئاگرداانیشمان بۆ بگێرێتەوە هەموومان ببین بەپاڵەوانی چیرۆکەکەی چیخۆف ئەو رۆژە هێند قسە بکەین تارووت ئەبینەوە لەبەرباران نزایەکمان ساغ ئەکەینەوە پرە لەبەختیاری بەڵام لەسرودێکی خۆش نودی زیاتر نیە، ئەورۆژە جل لەبەرمانا دائەدرین پەنجەرەکان ئەشکێنین ئاوێنەکان کەرت وپەرت ئەکەین گەمە بەپەنجەکانمان ئەکەین کەچی تاقە کەسێك چی یە گوێمان لی ناگری!!!
ئەورۆژە پرپر ئەبین لەرق لەباڵی پەپولەیەکیشدا بەرائەت نادۆزینەوە، هەموودەنگە چریکاوەکان ئەتك ئەکەین بەدیار نەرەی شێرێکەوە مەست وحەیران ماڵمان پرئەکەین لەپۆستاڵ وسیمان پرئەکەین لەهەناسە تائێوارە دی سیەکانمان بەرگە ناگرن ولەبەر یەك هەڵئەوەشێن ودەتەقن، ئەورۆژە هەرچەپڵە ئەمانخوا پەرەی گوێمان ئەدرێنی ئەورۆژە زۆر سادە ئەبی ئەترسم وەك کەوتنە خوارەوەی جامێك وابی لەدەستی نەزانێکدا لەزرنگەیەك زیاتری نەبی ئاخر ئەم دنیایە ئەستەمە بەکۆڵی تاقە کەسێکەوە بگەری وکەس لەپشتیەوە نەبی من ئەزانم مام زۆراب لەوداخەیا ئەمری هەموو رۆژێك بۆئەوتاقە کەسە ئەپارێتەوە دەستەکانی لەنزادا چرچ بووە بەدەنکە مێوژ وشە ئەرازێنێتەوە نوسیویەتی سەرخۆبوون، ئەترسم بەداخەکەی مەلای گەورەوەبمری:
بۆیە یەخەی خۆم دائەدرم نابن بەهیچ ومن ئەمرم